کوڕی کانی عاشقان- سوید
Falah_30@hotmail.com

# فەرزین هەورامی ئارەزوەکێش گردئینێ هەورامان{ 1}

هونەرمەند فەرزین هەورامی لە دایك بووی گوندی { شۆشمێ } یە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نێوان سنوری { تەوێڵە ونەوسود } ، لە ساڵی 2000 وە لە وڵاتی سوید لە شاری { یۆتۆبۆری } دەژی، باوکی ئەم هونەرمەندە بەناوبانگ بووە لە ناو گۆرانی بێژەکانی هەوراماندا، ناوی { عەزیز خوسرەوی کە نەسراوبووە بە عەزەیەزن } ، زۆر گرانە لە وڵاتی نامۆییدا بژیت و هەمیشە خەونەکانت لە لای کوردستان بێت، فەرزین هەمیشە لە خەون و خەیاڵەکانی دا لای هەورامانەکەیەتی، هونەرمەندی هەورامی کاکە فەرزین پێشتر 2 ڤیدیۆ کلیپی تۆمار کردوە بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردیەکان ، لەم ماوەی پێشوشدا گۆرانییەکی نوێی تۆمار کردوە، بەناونیشانی { سوورە گوڵ } لە ئاوازو هۆنراوە و وتنی هونەرمەندی ناو براوە ، موزیك و دابەشکردنی لەلایەن هونەرمەند { سامان ساڵح ئەلیاس } ە و تۆمارکردن و میکسی دەنگەکان بەسەرپەرشتی هونەرمەند { دلێر نامۆ } یە ، لە ستۆدیۆی { نامۆ } لە شاری { ئودیڤالا } تۆمارکراوە، ئەگەرچی گۆرانی وتن بە شێوازی هەورامی لە ئەورووپادا کەمە ؟ بەڵام کاکە فەرزین و گشت برا هەورامییەکان ئێمەی کوردیان بێبەش نەکردوە لە چڕاندنی ئاوازی هەورامی دا ، فەرزین دەڵێت:- من بۆیە بەهەورامی گۆرانی ئەچڕم یەك لەبەر ئەوەیە برا سۆرانییەکان زۆربەیان بە سۆرانی ئەچڕن، دوو لەبەر ئەوەی من تەنها بە هەورامی چڕاندنم زیاتر خۆم بە سەرکەوتو تر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com

دەزانم، فەرزین زۆر عاشقی دەنگەکانی { برایانی کێمنەیی و بەتایبەتی مامە عوسمان کێمنێی و پەخشە و جەمیل نەوسودی و حەیدەر نۆتشەیی و فەتحوولا جووانرۆیی و زۆری تر لە گۆرانی بێژەکانی هەورامانە }، بەرهەمی ئایندەی کاکە فەرزین برتییە لە { سی . دی } ەیەکی نوێیە ، 8 گۆرانی لە ئاوازی فۆلکلۆر و نوێ و تازەی لە خۆ دەگرێت. لە ئایندەیەکی کەمدا دەکەوێتە بەردەستمان، ماوەتەوە بڵێن { فەرزین بەرۆماوە پەی هەورامانی ، تا فەرزین و کەسانی تەر پێسە فەرزینی ما هەنێ، بەردەوام گۆرانی هەورامیما چنە مەبڕیا } {2}

دەس وەشێ و هیوای سەربەزی پەی کاکە فەرزینی داواکارێنمێ{3} .

واتای زاراوەکان بەسۆرانی :-

{1} فەرزین دەمان باتەوە بۆ هەورامان.
{2} هەتا فەرزینی فەرزین و کەسانی تری وەك فەرزین مان هەبێت؟
هەمیشە گۆرانی هەورامیمان لێ نابڕێت.
{3} دەست خۆشی و هیوای سەربەرزی بۆ کاکە فەرزین دەخوازین.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com